


# داوای کاراترکردنی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان دەکرێ



گەرچی زۆرجار باسی ئەوە کراوە کە ئافرەتانی ئەندام لە لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان، لە ڕووی گەڵاڵەکردنی یاساکان و ئامادەکردنی لە بەرژەوەندیی ئافرەت کاری بەرچاویان کردووە، بەڵام ڕەخنەی ئەوەشیان ئاراستە دەکرێ کە گرینگییەکی ئەوتۆیان بە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەداوە، هاوکات زۆربەی چالاکان و داکۆکیکارانی بواری مافی ئافرەتان، لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان، بە درێژایی خولەکانی رابردوو بە «لیژنەیەکی لاواز و کەمکردار» هەژمار دەکەن، تەنانەت لەخولی نوێی پەرلەماندا ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە لیژنەکەدا کەمی کردووە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لەو بارەیەوە ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو، هاوکات بە خوێندنەوەیەکی ورد و بابەتییانە پلاتفۆرمی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان هەڵدەسەنگێنن و چەندین ڕێکاریش بۆ مسۆگەرکردنی زیاتری مافەکانی ئافرەت دەستنیشان دەکەن.



## ناکرێ کاری ڕابردووی لیژنەکە لە بەر چاونەگرین

سەرەتا بێریڤان کەرکووکی ڕاگەیاندکار و چالاکی بواری ئافرەتان، ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کە ئافرەتانی ئەندامی لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان کاریگەری باشیان لە ئامادەکردن و گەڵاڵەکردنی یاساکان لە بەرژەوەندیی ئافرەتان هەبووەو ڕایوایە لەو بوارەدا جێدەستییان دیارە، بەڵام ئەو ڕەخنەیەشیان ئاراستە دەکات کە «ئافرەتانی ئەندامی لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونیان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکردووە»، ئەوەش بە خاڵی لاوازی ئەو لیژنە تایبەتەی پەرلەمان هەژمار دەکات.

بێریڤان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «چەندین ئافرەتی پەلەمانتار کە زۆربەیان ئەندامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون، دەیانتوانی بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەدواداچوون بۆ یاساکان بکەن، لەم حاڵەتەشدا ئافرەتان زیاتر هەستیان بە گرنگی ئەو لیژنە پەرلەمانییە دەکرد، واتا ئەو لیژنە تایبەتەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان لەڕووی گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی یاساوە سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەڕووی جێبەجێکردن و بەداواچوونەوە نەیانتوانیوە ڕۆڵی گرنگ بگێڕن». گوتیشی: «ئەرکی لیژنەی پەرلەمانی بە چەند قۆناغێك پۆلین دەکرێ، لەوانە: ئامادەکردن و گەڵاڵەکردن و ناساندن و هەموارکردنەوەی یاساکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت، لێژنەی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە بەدواداچوونەوەکەدا سەرکەوتوو بن».

**مەرجە ئەو کەسانەی لەو لیژنە هەستیارانەدا دادەندرێن کەسانێکی شارەزابن بە کاروباری لیژنەکە و لەهەمان کاتیشدا جورئەت و بروایان بەو پرسە هەبێت کە کاری بۆ دەکەن**

## بەدواداچوونی وردیان بۆ جێبەجیکردنی یاساکان نەکردووە

بێریڤان کەرکووکی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، باسی ئەوەی کرد کە لەبەرنامەیەکی تایبەتی خۆیدا ڕاپرسیەکی لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ئەنجام داوەو گوتی: «ئەو یاسایە کۆمەڵێك بڕگەی تایبەتی هەیە کە پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە، ئەوەیە ئایا لیژنەی پەرلەمان تاچەند کاری بۆ چەسپاندنی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و شیکردنەوەی چەمکەکانی کردووە، من پێموایە ئافرەتانی لیژنەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی مەدەنیش کاریان لەسەر ئەو پرسە نەکردووە، کە یاسای توندوتیژی خێزانی بە زۆربەی ئافرەتان بناسێنن، بۆ ئەوەی شارەزابن و بازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەم یاسایە بکەن، تەنانەت ئەو پەرلەمانتارانەی لیژنەی مافی ئافرەت کە پێشتریش چالاك و کادیری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بوون، بەدواداچوونی وردیان بۆ جێبەجیکردنی یاساکان نەکردووە».

## لەماوەی مانگی ڕابردوو چەندین حاڵەتی توندوتیژی زۆر ترسناك ڕووی داوە

بێریڤان ڕایوایە: «نابێت تەنیا گلەیی لە لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەمان بکرێت، چونکە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە لە پۆستەباڵاکانن بەرامبەر بە دەستەبەریی مافی ئافرەتان کەمتەرخەم بوون، بۆیە بەردەوام مافەکانی ئافرەت پێشێل دەکرێ، ئەوەتا لەماوەی مانگی ڕابردوو چەندین حاڵەتی

توندوتیژی زۆر ترسناك رووی داوە، كە بۆتە هۆی راچلەكاندنی كۆمەڵگە، كچێك بە تەمەنی ١٤ساڵی بەشوو دەدرێ، لە تەمەنی ١٥ ساڵی بە دەستی هاوسەرەكەی دەكوژرێ و لەت و پەت دەكرێ، تەرمی دووكچ لە ناو گۆمێكدا دەدۆزرێنەوە، دەستدرێژی سێكسی دەكرێتە سەر چەندین كچی منداڵ، كچێك لە شیرینی خەودا بەدەستی باوكی دەكوژرێت، ئەمانە هەمووی وەڵامن بۆ ئەو ئافرەتانەی كە دەڵێن شتمان بۆ ئافرەتان كردووە»، گوتیشی: «دەتوانم بڵێم هەموو ئافرەتان هەر لە پەرلەمانتارەكانەوە تادەگاتە راوێژكار و سەرجەم پۆستە باڵاكانی دیكەی حكوومی و حزبی بەرامبەر بەو تاوانانە كە دەرحەق بە ئافرەتان دەكرێ كەمتەرخەم بوون. هیودارم ئەمجارە كاری باش بكەن، ئەگەر نەشتوانن بیكەن، باچیتر پارەو بودجەی ئەم وڵاتە بۆ شتی تایبەتی خۆیان خەرج نەكەن».

## ئایدۆلۆژیای سیاسی گرفتێكی گەورەی بەردەم پێشكەوتنی كارەكانی لیژنەكە بووە

بۆهەمان پرس مایكی گوڵانمان خستە بەردەم بەهار رەفیق فەتحوڵڵا، كە شارەزای بواری دەروونی و پسپۆڕی كۆمەڵایەتییەو ئەویش هەمان رای بێریڤان كەركووكی هەبوو. هاوكات هێمای بۆ ئەوە كرد كە گەرچی بەدواداچوونی وردی لەسەر كارەكانی لیژنەكانی پەرلەمان نەكردووە، بەڵام هەستی بەوە كردووە كە «لیژنەكانی پەرلەمان لەكارەكانیاندا نەك ئەكتیڤ نەبوون، بگرە بەرامبەر بە مافەكانی ئافرەت زۆر لاواز و بێ توانا و كەمتەرخەم بوون». گوتیشی: «بەشێكی زۆر لە ئافرەتانی ئەندام لە لیژنەكانی پەرلەمان وەك ئافرەت بیریان نەكردووەتەوە و زانیارییشیان لەسەر كێشەی ئافرەت نەبووە، نموونەی بەرچاوی ئەوە بوو هەندێكیان لەژێر پاساوی دینیدا پشتیوانییان لە فرەژنی دەكرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە ئەو كەسانە باوەڕیان بەپرسی ئافرەت نەبووە. هەروەها زۆربەی ئەو پیاوانەش كە لەو لیژنانەی پەرلەماندا بوون، هیچ بڕوایەكیان بە پرسی ئافرەت و مافەكانیان و یەكسانی ڕەگەزی نەبووە، ئیتر چۆن دەتوانن ڕۆڵێكی كارا وچالاك ببینن لە لیژنەیەكدا كە تایبەت بێت بەئافرەتان، چەساندنی مافەكانی ئافرەت پێویستی بە پڕەنسیپی یەكسانی ڕەگەزی و باوەڕداربوون بە مافەكانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی هەیە».

بەهار ڕەفیق لە درێژەی قسەكانیدا جەختی لەوە كردەوە كە «بێ متانەیی بە توانای یەكتر و هەروەها جیاوازی لە بیر و بۆچوون و تەنانەت جیاوازیی ئایدۆلۆژیای سیاسی گرفتێكی گەورەی بەردەم پێشكەوتنی كارەكانی لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەمانی كوردستان بووە«.

گوڵان بۆ شیكردنەوەی زیاتری بابەتەكە، پەیوەندی بە حەیات مەجید پەرلەمانتاری خولی چوارەمی كوردستان كرد، ئەو پەرلەمانتارە كە هاوكات بڕیاردەری لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ئافرەتە گوتی: «ئێمە ناتوانین بڵێین: لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ئافرەت لە خولەكانی پیشوودا كارا نەبووە، یان ئیشی نەكردووە، چونكە ئەو لیژنەیە چەندین چالاكی جۆراوجۆری هەبووە، ئەگەر كەسانێك پێیانوابێت كە ئەو لیژنەیە كەمتەرخەم بووەو نەیتوانیوە وەك پێویست كاری خۆی بكات، هۆكارەكەی زیاتر ئەوەیە كە كێشە كۆمەڵایەتییەكان زۆرن و ئەو توندوتیژییانەش كە دژی ئافرەتان بەكاردێن جۆراوجۆرن، ئەمەش وایكردووە كە بەشێكی زۆر لە ئافرەتان گلەییان لەو لیژنەیە هەبێت».

ئەو پەرلەمانتارە جەخت لەوە دەكاتەوە «ناكرێت ئەوكارانەی كە ئەو لیژنەیە كردوویەتی، هەمووی لەیاد بكرێت، وەك زۆربەی خەڵكیش دەزانن، ئەو لیژنەیە كار و چالاكی زۆری ئەنجام داوە و گرنگی زۆریشی بە كێشەكانی ئافرەتان داوە». سەبارەت بە لیژنەكەی خۆشیان گوتی: «ئێمە پلانێكی تۆكمە و باشمان داناوە كە لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئیشی زۆر باش بكەین و بەرنامەی وردمان بۆ چارەسەری كێشەكان داناوە، ئەویش بەچەند هەنگاوێك، لەوانە: سەردانیكردنی شوێنە دوورەكان و چاودێریكردنی جێبەجێكردنی یاساكان و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ كەیسەكانی شەڵتەر، ئەمانە هەمووی بەرنامەن كە ئێمە كارمان لەسەری كردووە، ئێمە نوێنەری هەموو كوردستانین و بەبەردەوامی سەردانی هەموو ناوچەكان دەكەین و سەردانیكردنی ئێمە بۆ هەموو ناوچەكان ئەرێكی زۆر گرنگە و من خۆم لەوەتی وەك پەرلەمانتار دەستنیشان كراوم، بە بەردەوامی سەردانی شوێنە دوورەكانم كردووە و چاودێری كێشەكانیانم كردووە. لە ئێستاشدا توانیومانە ئەو لیژنەیە كاراتر و بە خاوەن بەرنامەی بكەین، من خۆم بەرنامەم داناوە كە سەردانی ئافرەتانی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان بكەین، چونكە ئەوان كەسانێكن كە شایەنی خزمەتكردنن، من لەو بڕوایەتدام لەچوار ساڵی داهاتوودا ئەنجامەكانی كارەكانی ئێمە دەبینرێن، ئەوكات هاوڵاتیان دەزانن كە ئێمە تا چەند گرنگیمان بە ئافرەتان داوە و توانیومانە ئەو لیژنەیە كاراتر بكەین» .

## پەرلەمانتاران نەیانتوانیوە وەكو پێویست پەرلەمان كارا بكەن

لە لای خۆیەوە عەلی مەحموود چالاكی كۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «پێموایە نەك لیژنەی داكۆكیكار لەمافی ئافرەت، بەڵكو تێكڕای لیژنە پەیوەندارەكان بە پرسی كۆمەڵایەتی نموونەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی، لیژنەی مافی مرۆڤ نەیانتوانیوە بە ئەركی خۆیان هەڵبستن و سنوورێك بۆ پێشێلكارییەكانی مافی ئافرەتان دابنێن، لەلایەكی دیكەوە مەرجە ئەو كەسانەی لەو لیژنە هەستیارانەدا دادەندرێن سەرەتا كەسانێك بن شارەزابن بە كاروباری لیژنەكە و لەهەمان كاتیشدا جورئەت و بڕوایان بەو پرسە هەبێت كە كاری بۆ دەكەن، بەپێچەوانەوە ئەو كەسانە جگە لەپڕكردنەوەی كورسییەكانی پەرلەمان هیچ كاریگەرییەكی دیكەیان نابێت، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە نەتوانراوە هەر سێ دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و تەشریعی و دادوەری بە گەڕ بخرێت، بە واتایەكی دیكە پەرلەمانتاران نەیانتوانیوە وەكو پێویست پەرلەمان كارا بكەن، چارەسەریش لەوەدا دەبینم كە كاری زیاتر بكرێ بۆ ئەوەی پەرلەمان لەو قۆناغەی ئێستادا دەربهێنرێت و هەوڵی بەهێزتركردنی بدرێت، هەروەها كادیرە بەهێزەكانی حزبەكان بنێردرێنە پەرلەمان و ئەندام بە پیاو و ئافرەتەوە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و بوێری دەستنیشان بكرێت، بۆئەوەی پارێزەری راستەقینەی خەڵك بن لە پەرلەمان و لەسەرووی هەموو ئەوانەشدا كەسانێك بن بڕوایان بە مافی یەكسانی و مافی هاوڵاتی بوون هەبێت».

**نەك لیژنەی داكۆكیكار لەمافی ئافرەت، بەڵكو تێكڕای لیژنە پەیوەندارەكان بە پرسی كۆمەڵایەتی نموونەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی، لیژنەی مافی مرۆڤ نەیانتوانیوە بە ئەركی خۆیان هەڵبستن و سنوورێك بۆ پێشێلكارییەكانی مافی ئافرەتان دابنێن**

**كێشە كۆمەڵایەتییەكان زۆرن و ئەو توندوتیژییانەش كە دژی ئافرەتان بەكاردێن جۆراوجۆرن، ئەمەش وایكردووە كە بەشێكی زۆر لە ئافرەتان گلەییان لەو لیژنەیە هەبێت**

**بێ متانەیی بە توانای یەكتر و هەروەها جیاوازی لە بیر و بۆچوون و تەنانەت جیاوازیی ئایدۆلۆژیای سیاسی گرفتێكی گەورەی بەردەم پێشكەوتنی كارەكانی لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەمانی كوردستان بووە**